بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئاکرێ کۆڕانی کارمەندکی ئاسایشی بە شێوەیەکی دڵندانە راگەیاند

شەوی ڕابردوو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئاکرێ کۆڕانی کارمەندکی ئاسایشی بە شێوەیەکی دڵندانە راگەیاند.

لێم بارێو، وتەبێژی پۆلیسی دهۆك ئاشکرای کرد کە کارمەندکی ئاسایشی قەزای بەردەڕەش لەلایەن خەزان و برایەکییەوە کۆڕاوە و هەردوو تەمەتبار دانیان بە تاوانەکەدا ناوە.

وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دهۆك، هەمن سلێمان ئەمڕۆ دووشەممە (30ـی تشرینی یەکەمی 2023) لە کۆنگرێیەمی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، "لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی هاوبەشی پۆلیس و ئاسایشی گشتیی بەردەڕەش دەرکەوت کە کارمەندەکەی ئاسایشی بەردەڕەش بە چەقۆ لەلایەن برایەکەییەوە کۆڕاوە و خەزانی قوربانیکە هاوکار بووە لە ئەنجامدانی تاوانەکە.

هەمن سلێمان باسی لەوە کرد کە "کاتژمێر 02:00ـی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە (28ـی تشرینی یەکەمی 2023)، تەرمی ئەو کارمەندەی ئاسایش کە ناوی (ئەرکان خەیرەدین)ـە، لەناو ماڵەکەیدا لە گەڕەکی مەعروفی قەزای بەردەڕەش دۆزراوەتەوە".

وتیشی: "خەزان و برایەکی پێشتر پلانی کوشتنییان داشتبوو، دوای ئەوەی ژنەکە لە ماڵ چووەتە دەرەوە، براکەی هاتووە بە چەقۆ کوشتوویەتی و هەردووکیان دانیان بە تاوانەکە

نا".